Klawrojna

# کەسێک لە پشت ئەم پەیڤانە سیگار دەکێشێ

ڕابەر فاریق

# کەسێک لە پشت ئەم پەڤانە سیگار دەکێشێ

رابەر فاریق

کەسێک لە پشت ئەم پەیڤانە سیگار دەکێشێ

شیعر

ڕابەر فاریق

نەخشەسازی: لوقمان ڕەشیدی

چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٩

چاپخانە: ڕۆژهەڵات

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان، لە هەولێر، ژمارە سپاردنی ٨٣٩ ی ساڵی ٢٠٠٩ی دراوەتێ

# ماسکەکانی بێهوودەیی

١

پڕبوونی جامی هەناسەی من لە تۆز و
پڕبوونی پێکێک لە دووکەڵی سیگار
وەک یەک نین.
پیربوونی جاددەیەک کە مانی گرتووە لە بەردەم
خۆیدا
لە ترسی مرۆ و
پیربوونی هەڵوەرینەکانی پوونگی ئومێد
وەک یەک نین.
من و تۆ وەکو یەک نین
ژیان و مردنیش هەروەها؛
-ڕابەر!
ئەو هەموو دژایەتییەم پێ قبووڵ ناکرێ.

٢
لەوەتەی کە تۆ ڕۆییشتووی
ئەز بوومەتەوە بە مرۆ!

٣

مرۆکان مردن
تارماییەکانیان زیندووە
مرۆکان مردن، تاعوونەکانیان وا لە ناخمدا
ڕادەکەن
زووکە ڕابەر
کەسێک پێت دەڵێ:
- کوا کەسێک؟!
+ ها؟!

٤

تازە لە تۆ گەڕاومەتەوە
قەف قەف خوێن لە ڕوانینم دەپژێ
دەڵێی وشە لە مابەینی پەنجەکانم دەفڕن
وەک پۆلێک مەل
مەلی ئاویی.

٥

سیگار دەکێشم و لە خوڕەی ئاو دەنۆڕم
دەستم بەرەو تۆ ڕایەڵ دەکەم
ئەی ماسک!
دووکەڵم پڕ دەبێ لە وێناکانم
لە سەروەختی هەڵوەرین و پووش کێشانەوە بۆ ئێرە.

ئەم کاژە کرێتانەی پێستم فڕێ دەدەم
سەوڵی هەوا دەنێمە نێو زەریای وشە
تا گەییشتن بە چەقی تۆ
ناوەستم و ڕێ دەبڕم
ئەی ماسک!

وەک کەسێکی پێکراو بە تۆران
لە بەرخۆمەوە دەڵێم: «دنیا خەو و خەیاڵە، ئەمان ئەمان»*.
وەک دوا قەترەی ئاو، بە تەوێڵتەوە وشک دەبم
ئەی بەردی تۆز
لە بەرخۆمەوە دەڵێم: هەڵوەرینم خۆشناوێ
مەرگ نا!

*: گۆرانییەکە، یووسفۆکی کارئەکتەر، لە ڕۆمانی (مەسیح لە خاچ دەدەنەوە)ی نیکۆس کازانتزاکیس دا، بەردەوام دەیلێت.

٦

وەک گەڕیدەیەک

وەک تەماشاکارێکی غەمگین

وەک هەبوویەک

لە نێوان بیابانەکانی ژوور و تاراوگەکانی ئیماندا

وەک مرۆڤێکی دیدەوان

وەک هەوای بەر «با»

وەک کیسەڵێکی چەقبەستوو لە خوددا

دەگریم

دەگریم و بە پەنجەرە دەڵێم:

بە ڕووی سەرنجێکی وی دا بکرێرەوە.

بڕوانە ئەفسوونی زمان چۆن دەلەرێتەوە

بڕوانە حیلەی ئەسپی گۆشکراو بە وێرانە

*وا لە زارمدا*
*پێگەیینی سێوێکی بەربەری لە درەختی هەناسەمدا.*
برِوانە چۆن ئەم نێچیرە دەکوژم
کە هەردووکمانە.

٧

لە سەر پشتی مانگایەک دەنووسم: خانوو
لە سەر پشتی وشەیەکی نیگەرانیش: خۆکوشتن.
تا دێ بێتاقەتتر دەبم
بیر لە **شوێن** دەکەمەوە.
هەڵدەدەمەوە
پەڕ پەڕ دەفتەری هەوا هەڵدەدەمەوە
قەف قەف دەچۆڕێمە نێو بۆشاییی کاغەز
لە نێو ئاسوودەییدا هەڵوەرینی پەنجەکانی تەم
ختووکەی لەنگەرم دەدەن...
من وابەستەی هیچم
بۆیە کە دەڵێم:
لەم ژوورەدا هەوا نییە

ژیانیش بەردەوامە
لەم چۆڵەوانییەی وشەدا
بۆ کێ بنووسم ئەی جریوەی تەم؟
مەبەستمە بڵێم: نووسین خولانەوەیە؛
تەواف بە دەوری تەرمی خۆماندا.

٨

سروشم بۆ دێ:
لە تۆدا گمە گم بەڕێوەیە
سیگار بە هەوا دادەگیرسێ
پیاوێک دەچێتە بەردەم غروریی چرای کات
لە مندا سەگ دەکەوێتە حەپە حەپ
بێتاقەتی باڵدەگرێ
تونێڵێک دەچێتەوە ژێر خۆی
لە تۆدا **دڵـ** هەیە و نا**خوازی** هەبێ
پیاوێک تاریک دادێ
دووکەڵی خەستی گۆرانیی لێ هەڵدەستێ
لە مندا
ئاهـ لە مندا

قەت شوێن نەبوو بۆ حەسانەوەی زمان
هەردەم دەڵێم: ڕووناکیی بە قەد بیجامە تەنک
دەبێتەوە
تۆش دەڵێی: بە قەد بیجامە تەنک دەبمەوە.

# تێپەڕین لە نائومێدی

١

کاتێک دووکەڵکێش بە کلێنکسی هەناسەم
پاکدەکەمەوە و
لە بەر دەرگەی سەگەکاندا
وێرد بۆ تەنیاییم دەخوێنم
تارمایی سێبەری تۆ ختووکەی جەستەم دەدا!
بمبەخشە
شەوان لە بەر بێتاقەتیی خۆم
تاقەتی تەلەفۆنم نییە بۆ کچەکان
شەوان لە بەر قاڵبوونم بە بیرکردنەوە
توانای ئاشنایەتیم لە دەستداوە...
ئینسان کاتێک وادەزانێت
تەنیایی دادی بێهوودەیی نادا

دێتە لای من...

شەوان بە خۆم و چرایەکی کوژاوەوە
بە خۆم و دەنگی تەپەی پێکانمەوە
بە شەقامەکاندا ڕادەبرم
لێ ناگەڕێم شووشەی تاریکایی بە چرا بشکێ
تاریکیی هەموو چاخەکانم؛
تۆش!

٢
فاریزەم لە بەردەم هەموو وشەکان دانا
نەبووم بە نووسەر
لە هەموو کۆڵانەکاندا بە دوای گوناهەوە بووم
نەبووم بە شەیتان
ڕوحی من هی ئینسان نییە
دەبێ بیخەمە زبڵدان
جاددە هی من نییە
دەبێ پێکانمی لێ بدزمەوە؛
بڕۆم
بۆ شوێنێک
کە نازانم کوێیە!

٣
بە کۆڵانی وشەیەکدا قاچەکانم ڕەت دەبن
دەستەکانیشم لە سوخمەی سووری کچێک
جێ دەمێنن؛
کە نەمناسیوە و نایبینم.
هەوا لە نێو سییەکانمدا هەڵپەیەتی
من لە نێو ژیان
تۆ لە هەردووکمان؛
من و (ئەو)ێک کە هەر خۆتی.

دەبا ئیدی خۆ بە پەتی پچڕاوەوە هەڵواسین و
کرێتیی ژیان لەتمان کا
لەت

لەت
لەت
وەک لەتێک سێو نا
هەروەها خۆمان!

٤
بێتاقەتیم مەل نییە بپێکرێ
ئاوازە
لێ نابیسرێ:
من نە پێویستم بە کۆمەڵگەیە
تا بمپێکن
نە دەنگێکیش کە ببیسترێ
ئەوەی دەمەوێ هیچ نییە
هیچ.

٥

ناوێرم؛
دەم ڤە دەکەم، دەڵێ (ئاخ)!
سەر هەڵدەبڕم، شەرم دایدەگرێ!
بەرهەڵدا دەکرێ، دەسڵەمێتەوە؛
ئەوە منم
لە بەرانبەر نیشتماندا.

٦

- چەند گوناحە!

خوا ڕەحم بکا

بە ژیانت!

لەرینەوەی وشەکان،
لاربوونەوە بە دەم ڕێوە

١

تۆ سەری ئاو دەشکێنی
نەک بەرد
ختووکەی شنەی خەیاڵ و
ژانی ڕژانی دڵۆپێک وشە دەدەی
نەک چۆڕێک مەرەکەبی شل.
تۆ ئەی وەچەی هەڵوەرینی
پڕووشە بارانی ژیان
لەم بێکەسییە لێم مەپرسە: تۆ کێی؟
لەم بێکاتییە پێم مەڵێ: سەعاتێک
تەنها سەعاتێک بەسە
بۆئەوەی ببمەوە بە قوڕ.

٢

هەر زەریا بوو ئاوی خنکاند
بۆیە ئێستەش وام لە نێو دڵۆپێک ئاودا
دەستم خستووەتە سەر سینگی
ترپەی دڵی کاڵبوونەوە.
بۆیە ئێستەش وام لە نێو لەرینەوەدا
لە باراندا دەگەمەوە بە موسافیرەکانی خەیاڵ.
هەر لەوێوە
پیتێک خۆی دەپێچێتەوە و لەگەڵ بینی هەمیشەییی
دێتە نێو ژووری زمانم؛
زمانی وشە.
تۆش نەهاتی تا دوا خونچەی هەوای سپی
لە ڕوانینی برینمدا هەڵوەرێنی

نەهاتی تا بەم تەنیاییە سەرگەردانەی وشەم بڵێی:
بۆ خەمباری و نامبەیتەوە سەر نەسەبی مشتێک
خۆڵی
پڕ لە سەما و
لەنجەولاری پڕ لە جلیوەی ئێواران.
نەمزانیوە
لە نێو تەمی عاجزیدا تۆزت کرمۆڵە کردووە و
لە قۆزاخەی پێکێک شەراب
پیاوێکت بە جێ هێشتووە.
تۆ نەهاتی و پەنجەرەی ژووری وشەیەک
تا هاتنت کراوەیە
سیگارێکیش وا بە لێوی هەوای شێداری نێو
سینگمەوەیە

شەتڵەنەمامی تەنیاییش
لە بەرزەخی بیمارییەوە ڕوواوە.

٣
پەنجەکانت
وان بە لێواری ڕوومەتی نیگەرانییەکی مەستەوە
پەنجەکانت
لە دەستەکانت دەترازێن
وەکوو هێشوویەک لە ترێ
دەکەونە نێو دەستەکانم
پەنجەکانم
وەک تەپوتۆز لە دەستمدا دەتەکێنی
پەنجەکانم لە پێم و
لە وشەکانم
لە خەیاڵی پەڕپووتیشم دەترازێنی.
جێگۆڕکێ بە پەنجەکانی یەکتر دەکەین

ئا جێگۆڕکێ بە خۆمان و
یار و پیاسەکانیش دەکەین
ـ ئێوە کوا پەنجەتان هەیە درەختەکانم؟

٤

ئەی فەرامۆشیی ئەبەدی:
لە کاتێکدا هەموو فەرامۆشیان کردم
لێ گەڕێ با وشە فەرامۆشم نەکا.

٥

قەدەرمانە کە دەژین و
گڵۆپی تەم دادەگیرسێ
قەدەر واتا سەرسامبوون بە تەماشای پڕ
ئەفسوونی یار
قەدەر شۆڕمان دەکاتەوە
بۆ نێو تاریکاییی فەزا
قەدەر ماڵی وا لە نێو پەنجەکانماندا
بە درێژاییی دەستیشمانەوە پاڵکەوتووە.

٦

ئەگەر مردم
لە گۆڕستاندا مەمنێژن:
من لە وشەدا نێژراوم.

٧

**لێرەدا خەریکی جەنگم**

*ئەمە دوا ڕستەی ئاهێک بوو*
*پێش ئەوەی لە سینگمدا کاڵببێتەوە.*

٨

**بەشدار** دەرگەکە بکەرەوە
بیکەرەوە و بە **دڵخواز** بڵێ:
مەهێڵە ئەم پیاوە لارە
بە گالیسکەی بێتاقەتی و
بە شەمەنەفەری کاغەزی و
کتێب و ڕۆژنامەوە بگەڕێتەوە ماڵ.

دەرگەکە بکەرەوە
هەر خۆم و قومێک سیگارین
هەر خۆم و قولانجێک ئاوەدانیین
هەر خۆم و پیاوێک لە هیچ
هەر خۆم و خۆم.

دەرگەکە بکەرەوە
نەکا بڕۆم لە جەنگەڵەکاندا باخچەیەک بدۆزمەوە
بیدۆزمەوە و
بینێمە ژێر باسکی گەڵایەکی تەنها
نەکا هێندە قەلەق بم؛
دارڕزێم.

٩

ئێمە دەست پێ دەکەینەوە:
سەرەتایەکیشمان نییە.

١٠

هەمووتان چوون بۆ سەفەر
هەمووتان
کەستان نەگەڕانەوە.
بە تەنها چووم بۆ سەفەر
بە تەنها
ئێوەشم لەگەڵ خۆمدا هێنایەوە
ئاخر لە وەستاندا بەڕێکەوتن
لە ڕۆییشتنندا هاتمەوە
بەڵام بۆ ئێرە نا
-  کوێ؟
+ چووزانم!

١١
گەلێک جار دوا سیگار لە پاکەتەکاندا
دەردەهێنم
کەچی دیسان دەگەڕێمەوە کنیان
چونکە لە بەتاڵیشدا شت هەیە
ئەگەر موسافیری ڕێگەکان بین
موسافیر کاتێک بە وێستگەکانیش دەگات
هێشتا نەوەستاوە؛
خەیاڵ دەفڕێ
ئەمما بە بێ دیتن.

١٢
زمان چەقی بوونە
ئەگەر زمانت نەبوو ناپەیڤی
تەنانەت ناشنووسی
ئاماژەکانیش وەرناگیرێن
ئاخر زەمەن لاربووەتەوە لەگەڵ مێژوودا؛
+ تێ دەگەی؟
زمان چەقی بوونە.

١٣

هەندێک شەو لە بری ژن، لە پاڵ خۆمدا دەنووم
هەندێک کات لە بری هاتنە نێو کۆمەڵ
دەچمەوە کن تەنیاییی هاڕەکردووم.
ڕۆژێک لە بری وەی بە پێ بڕۆم
بە قوون ڕۆیشتم،
تا وەکوو ئەوان نەبم
تەنانەت خۆم.
کارەساتی گەورە ئەمەیە:
نەزانین چۆن جیاواز بین!

**وەک لێبوونەوە لە ژیان،**
**ئاسوودە**

١

نەتزانی شکستی من
یانی هەڵوەرینی شەپۆلەکانی زەریا
یانی ڕژانی پێکێک عەتری خوێنین
نەتزانی درزبردنی ژیان
درزبردنی شادمانیی نییە
نەتزانی کاتێک باس لە بێهوودەیی دەکەم
قاقا بە ئەوین پێ دەکەنم
نەتزانی شکانی شووشەی پەنجەرەی تەنیایی
شکانی کێلونی ژوورێکی نێرگزیی نییە...

نەتتوانی ئازادی بە بارمتە لە کن پیاوە
بۆهێمییەکانی

عەشیرەت دانێیت
نەتتوانی بیر لە شەکەتیی جادەکان بکەیتەوە
لە ژێر پێی ئێمەدا.

ئەو ڕۆژەی باستان لە عەشق دەکرد
من بە دیار بێکەسییەوە دانیشتبووم
هاوارم دەکرد: بڕووخێن ئەم دیوارە گومڕایانە
دەمگوت: حاشا ئەم دڵۆپە ئاوە لە نژادی ئەبەدییەت
نییە
حاشا باوکم باسی لە بەربەریەتی نازییەکان و
سڵاوی بۆگەنی گۆرانییە میللییەکانی ڕادیۆ نەکرد؛
ئەو نەیگوت سەرەتا لەوێوەیە
لەوبەر پردەکانی ئیمانەوە.

نەتبینی پێکی عومری خۆمم بە دەستەوە گرتبوو
دڵۆپ دڵۆپ ساڵەکانی تۆم دەنۆشی
بە سێبەری دەستی نەبوومەوە
سڵاوم لە شەقەی باڵەکانی تەیرولئەبابیل دەکرد
سڵاو لە وشەیەک، مانی گرتبوو لە نووسینەوە
سڵاوێک خەستتر لە شەرابی ترێ
بۆگەنتر لە هەنسکی هەناسەم
زاڵمتر لە شنەبا نەخۆشەکانی بەیانییان...

وەک قورینگێکی پێکراو بە گۆرانیی
دەنگی جێماوم هاژەی دەهات لە حوزن
وەک پڵنگی جێماو لە خۆمدا

غەرق بوو بووم لە ئاهەکانی سینەم
وەک باخچە پڕ بوو بووم لە درەخت
وەک شار پڕ بوو بووم لە خانوو
بەڵام قەڵاچۆکراو
وەک لێبوونەوە لە ژیان
لە شار ڕامدەکرد بەرەو لێژبوونەوە و
لێوارەکانی بەدبەختیی
لە بەر خۆمەوە دەمگوت: ئەزموونکردنی نامرۆیی
سەختتر نییە لە مرۆبوون
لە بەر تۆ بوو دەمگوت:
ئاژاوەکان وەک کانیی لە سینگمەوە هەڵدەقوڵێن
لە بەر خۆمەوە دەڵێم: بە جەهەننەم
دەبا لێرە لەنگەر بگرن کەشتیی ڕووتی

خوشکەکانم.

سەدەیەکم بڕی و کەوشەکانم لە سەر ڕەفەی چاوەنۆڕی ڕووشان
کەچی هەر لە مەتبەخ دانیشتبووی
بە دیار سەلکێک پیازەوە
چاوەکانت پڕ بوون لە درەختی ئازار
کەچی دەتگوت: سەبرت هەبێ
ئەمە کۆتا ڕێگەکانی کاکێشانە.

من دەمزانی
تۆ دەزانی
شتێک نییە ناوی سەبر

شتێک نییە لەم جۆگە بیمارانەوە پاکیزەییت
هەڵنەکرێنێ
پردێک نییە بتگەیەنێتەوە حورمەت
سێبەرێک شک نابەی باوەشی پێدا بکەیت
بەڵام تۆ کە دەشتزانی
هێشتا نەتدەزانی.

٢

سڵاو لە هەر بەردێکی قەوزەییی نێو سینگم
سڵاو لە (با)یەک کە هەڵناکا
سڵاو لە پێخەفی ژوورێک
کە بە دەم ڕووتبوونەوەت
لە بەردەم ئاوێنەکانمدا دیوارەکانی لەتر دەدەن
سڵاو لە هەر موسافیرێکی وێستگەیی
سڵاو لە هەر ناسکییەکی کرێتی
سڵاو لە بەردێک، کە هەدا نادا
سڵاو لە هەر کەسێک بە نێو مندا گوزەر دەکا و
فانۆسەکانم پڕ دەکاتەوە لە تاریکیی خود.

لەم بەیانییە سەرخۆشەی ئەوین

ئاونگ بە سەر پەلکی قسەکانتەوە دەبینم
لەم ڕۆژە شوومەی ئاگایی
*بێهوودەیی لە شووشەی بەتاڵی ساڵدا*
جۆگەلەی دروست کردووە.

٣

بە سەر برینەکانی خۆمدا باز دەدەم
لە لێواری تەنیاییدا ڕادەکشێم و
دوا تنۆکی هەڵڕژان و شکستی ژیان دەخۆمەوە
لە بەرانبەر عاجزیدا چاو لە خۆکوشتن دادەگرم
شوێنپێی هەڵوەرین هەڵدەگرم
بە ئازارە باڵشکاوەکانی بەرد و لەتری هەوا دەڵێم:
وس بن
کەرەتێکی ترتان ماوە، تا بگەن بە کۆتا فڕین و
لێبوونەوە لە بیماری.
هیچگەرایی چووەتە خوێنم
لە دەمارە وشکەکانم دێت و دەچێت
تەنگ بە شادمانیی هەڵدەچنێ

ئیدی ئەمن چۆن بتوانم
تا (ئێرە)ی ژین بە پێی پەتی بێم و نەمرم؟
چۆن بتوانم بە سەر تەرمی وەرزەکان و
ساڵەکان و
کوردبوونم و لێ فکرینمەوە تێپەڕم؟
چۆن بتوانم دڵۆپ دڵۆپ ئەسری وشەکان نەڕژێنم
ڕابردووی تۆش بپێچمەوە و بۆت هەڵنەگرم؛
تا سەر سنووری دوا گوندی
ئەوبەری باخی دانیشتن؟

تۆ کە پێکی عەتری ڕستە و
دڵی منت پێکەوە شکاند
ئێستە چیت دەوێ بێجگە لە پارچەکانیان؟

تۆ کە لە کەلاوەی ژیندا
تەنها خاوەنی ونبوون و
سەرنجدان لە ڕوحی پیت و
بێزارکردنی کاغەز بیت
چیت دەوێ لە نووسینەوەی
ئەم فاریزە لەتوپەت و نەخۆشانە؟

لێم گەڕێ با لە لووتکەی منداڵییەوە
خۆم و خەیاڵیشم هەڵدەم
تا دەکەومە ژێر دوا بینینی تارمایی ئەم هاوڕێیە
بۆهێمیانە
تا لەوێوە
لە دوای مارشی گریانی هۆزە ڕووتەکان

پووش و پەڵاشی ئەبەدییەت بسووتێنم
با لە ژێر کەپری ئەم بوونە بۆ هەرگیز
نەحەسێمەوە
«با» کەنگێ لە سووڕانەوە سەری سووڕ دەخوا
ئەزیزم؟
کوا هەوا بەردەبێتەوە
ئەی بەردی پڕ درزی گریان؟
موزیکی کام لە سرووتی کتێبانی خوێنی یووسف
خەمی برام دەنووسێتەوە؟
چما چی ماوە تا ئەمن لە پێناویدا نەکوژرێم؟
نەتبینی چۆن لە زەریادا بە جامێک سەراب
هاتمەوە؟
نەتبینی کە دوا شمشێرم لە پشتی سەبر چەقاند و

بە سالم گوت: ئیدی نامە بۆ حەوتەکانت نانێرم؟
نەتبینی چۆن (ڕەفیق چالاک) هەڵدەوەری بە دیار
گۆرانیەکانمەوە؟
دە ببینە و تف لە تەڕیی نێو دەمم کە
دەبا ئیدی ئەم چرایەی خامۆشبوونم
نەکوژێتەوە
دەبا ئیدی دەرگەکانی هۆش و سەبر وازی نەبن
بە ڕووی بێئاگاییی سەرم.

من مردم بە دیار خۆمەوە، کەچی خوای گەورە لێی
پرسیم:
«ئەتوو» دەزانی کێی ئینسان؟

بە قرچەی پۆڵووەکانم، کۆکە کۆکت بیرچووەوە
کەچی قەت سڵاوت نەکرد
لە پشکۆی نێو تاڵی مووە سووتاوەکان
کەچی هەرگیز پێت نەگوتم:
من هیچ ناڵێم.

سەبرت هەبێ،
ئەی تەنکتر لە پەردەی کاڵبووەوەی تەم و
ئەی دوا کەسی تۆراو لە زەوی و ئاسمان و
هەڵبڕینی پێڵووی لێکنراوی چاوەکان.
کە دەزانی ئێشکگری وشەکان و تاریکایی و
نێرگزیەتم
بۆچی تۆ بەرەو سەرابی ئاوکێشانم دەبەی

قوربان؟
من چی دی هەڵوەرینێک نیم
لکاو بە درەختی پاییزەوە
چی دی بێدەنگیی خۆشبەختی ناڵێمەوە و
چی دی هیچ نیم
دەزانی یاخود پێت بڵێم: ژیان خودی کارەساتە؟

دەزانی شنەی ئازار و
مۆنۆپۆلکاری توانەوەی دەرەوەی بەفری وەرزەکان
تەنها منم؟
دەزانی کە ئاشت نابمەوە لەگەڵ تۆوی نەمامی ژین،
یان هەرگیز ناتەوێ بزانی؟

وەک با دەچمە نێو درزی دیوارەکانی خۆشبەختی
وەک تۆ بە نێو ڕاڕەوەکانی هەوادا ڕادەبرم
دەشزانم ئەگەر پێ نەخەمە سەر دڵی خۆم
مین لەدوای مین دەتەقنەوە.

بە برینەکانم دەڵێم: وریا بن
هاکا پەنجەیەک هات و
پشکۆی خوێنم دەستی خستە سەر دڵتان.

بە پەیژەکانی تاریکیدا سەرکەوتم
تا ئەوپەڕی خۆم
بە تونێڵەکانی هەرەسدا شۆڕبوومەوە
تا ئەوپەڕی هەردووکمان:

- کەسیش لێرە نییە.

هەوا دەخنکێ.
با وەک گورگ بە بەر دەرگەی ماڵەکانمان تێ
دەپەڕێ.
کەس گوێ لە وڕەی لەتبوونی ڕستەیەک ناگرێت
منیش ناچمە پرسەی کوردایەتیم.

ئاهەکان وەک ڕەوە ڕیشۆڵە لە ژێر قەمسەڵەم دێنە
دەر.
وشەکان وەک کۆتر لە نێو دەستم ڕادەپسکێن.
گوناهەکان لە بەردەم نێڵەکانی کوانوو ئاگر
دەکەنەوە

تۆش هەڵدەلەرزیت بە دیار بێتاقەتیمەوە.

هەر خۆم و بێهوودەیی
لە شەقامەکانی هەرەسدا پیاسە دەکەین
چتاقیشمان بە یەکتری قاییل نین.

٤

زەریا دەڕژێتە نێو جۆگەلەی ئەم دێرە نەگوتراوەم.
کە دەنووسم، بارانی ڕەنگم لێ دەبارێت.
کە خامۆشبوونت دەژنەوم
قەوزەی هەوا کۆدەکەمەوە لە گۆمی بینمدا.
فوو لە «با»ی هەڵنەکردوو دەکەم.
خەریکە بڵێم: هەناسەم سیگار دەکێشێت.
ئەمشەو ڕستەکانی تەمی هەوای وشە دەنووسم
لە باخی بێ درەختدا.

سێبەر لە جەستەم دەکەمەوە.
ڕستەیەکی بێ نووسینت پیشان دەدەم.
جلوبەرگ لەبەردەکەم و هەر ڕووتم.

پۆرترێتی مرۆ کاڵ دەکەمەوە
بە شنەبای بەربەرییەت.

لە خۆرڕا ژانی گوتن دەچنم.
لە تۆوە کانی هەڵدەقووڵێ و
ڕێگە دەمهێنێتەوە ماڵ.
ئیدی وەک خەیاڵی وشە
باڵ دەگریت.
پێ بە پێ تا گەییشتن بە نهێنییەکانی تاریکی
لاربوونەوە
تا گەییشتنەوە بە کەسێک
کە نایبینم
ئەوین.

*من و تۆ و شیعر؛ چوار.*
*با دێت با*
*ڕوانینەکانم هەڵدەگرێت ئاو*
*لە کانیی فێنک و تەنکدا*
*هێزی پێکەوەیی دەمانباتەوە نێوان هەردووکمان.*
*ئاشناییە ڕۆچوون لە سەوزاییی بۆنی پوونگی*
*پەنجەکانت*
*جودا نییە*
*بەندەیی.*

٥

لە نێوان پەنجەکانمەوە
بۆنی سیگار دێت
لە نێوان هەردووکیشمانەوە
بۆنی کەسێکی دی؛
بە خەمخواردن لەو کەسە
قاڵ نابم
بەم بۆنە دووردەستەی پەنجەم؛
هەمیشە مەست.

٦

لەوێ

بە دەم لەت لەتبوونمەوە

مۆسیقام بە سەر ئامێرە دروست نەکراوەکان

دابەش دەکرد

خوڕ خوڕ دەگریام،

ئەو کاتەی

سەرم بە سەر شانی شکاومدا کردبوو.

٧

دەڵێی تازەکی بوومەتە کەس
دەڵێی پارچەیەک گۆشتم
بە ڕووی تۆوە.

٨

*ئاو لە زەریادا خەیاڵی وشک دەبێتەوە*
*سێبەری سپیی پەڵەهەور*
*بە جەستەی هەواوە دەلکێ*
*دەنگێک لە نێو من ڕا دێت:*
*قوم لە هەناسەی دووکەڵی کاغەز دەدەم.*
*تەنیاییی بەرد دەنووشتێنمەوە.*
*وەهمی ئافراندنی وشە دەدرکێنم.*
*بۆنی هەڵمی هەوا*
*لە بینمدا لەتر دەدات.*
*شەو گۆرانیی دەڵێ، بۆ مانگایەک لە دڵمدا.*
*دەرگەی بۆشایی دەکەمەوە*
*بە ڕووی ئەم بیابانە سووتێنەرانەی شار*

تا نەگەمە باشووری تەماشای پیاوە زۆڵەکانی کڵاو.

٩

برینی پاڵتۆکەم شکۆفە دەکات.
لەتبوون هەڵمدەگرێتەوە.
هەوای ژوورەکەم بە زیندەگی دەخنکێت.
ماندوویەتیی بێتاقەتیم لە سەر دەستی لەرینەوەم ڕادەخرێ.
نێرگەلەی بخورد لە بەردەم ئێوارە دادەنێم؛
دەچمەوە ناشوێن.
بێهوودەیی لە دەروونمەوە پێ دەگرێ
بۆ ڕۆییشتن لەگەڵ خۆیدا؛
تەمی جەنگیش دەکەوێتە پێش چاوەکانی تاپڕەکەم.

واوەتر لە بێهوودەیی
بەرەو کوێ بچم تۆ نەبێ؟

١

*لەگەڵ تۆدا*
دەتوانم بە بێ خۆم بژیم
*لەگەڵ خۆمدا*
ناتوانم بە بێ تۆ بژیم.

٢

به هه‌ردوو ده‌ست سڵاو له كه‌سێك ده‌كه‌م
ده‌چمه‌ بابل
به خه‌تی بزماریی نا
به خه‌تی خه‌فه‌ت
نامه‌یه‌ك بۆ كورد ده‌نووسم
به فارسیی.

٣

زەویش چووەتە سەفەر
بە خۆی و وەچەکانییەوە.

٤

خۆی لە شوعلەی ئاو هەڵکێشا.
سیگارێکی خستە سەر لێوی هەوای تەڕ.
فلووتی بێدەنگیی ژەنی.
لە ژێر سێبەری برینی خەیاڵمدا حەسایەوە.
تا نامەی فێنکی نەنارد
قەت گوێم نەگرت لە خەمی شێداری باران.
بە دەوری لێوارەکانی باخچەی خەمی سووڕامەوە
پێی نەگوتم: سڵاو لە تۆ
ئەی عابیدێک لە توز و خۆڵ
ئەی عابیدێک لە دڵۆپێک ئاوی ڕیسوا.

٥

کوکوختییەک وا لە سەر شیشەی برینی
سەر پەنجەرەی چاوەکانمەوە نیشتووە
نامەیەکی بە دەنووکی هەڵگرتووە
پەیک نییە
لە شەکەتیی بۆشاییەکانم دەنۆڕێ
بێتاقەتیم لێ وەردەگرێ
مەیلی گریانم دەداتێ
گریان بۆ ئەسری ڕۆییشتوو
گریان بۆ مەرگی تەعالا.

٦
غەریبیی بۆنی هەناسەت دەکەم
هێندە بەسە
پێڵووەکانم داخەم و بتبینم.

# ڕەشنووسی کتێبی منداڵیم

١

کانیلەیەک لە هەورەوە تا باخەکەی نێو ژوورەکەم
دێت و لەگەڵ هاتنیدا
وەرزێک دەچێتەوە پیاسە و
قەفەزێک نامێنێتەوە
بۆ خۆم و منداڵەکەمان
تەنیاییمان و ژنەکەم
کاتێک ئەو دێ
سەفەر ناکەین بۆ هیچ کوێیە
کاتێک شنە پاڵتۆی کەسک دەکاتە بەر
پاییزی لێوار پەنجەرە
بەرخی نێو قاڵییەکەی دایکم دەباعێنێ
دەباعێنێ و

لەنگەرگرتنی خورڕەکە، کەم و کەمتر دەبێتەوە.
ئەز دەمگەلێکە دەزانم
ئەو ئاوە دێ،
بە تام و بۆی جیاوازەوە
بەڵام ئەوە تازە بزانم
زانین تەنها ئەمە نییە
ئەوەشە کە دەریببڕی وەک زانینکار.

٢

ئەمشەو سبەی دەنووم لە پاڵ
تەرمی زەمەنی مردوودا
لەوێ بۆ خۆم تاریکی کۆدەکەمەوە
هەڵوەرینم دەسووتێنم
قل قل باڵم دەردەهێنم
هەمووشیان دەکەم بە سیگار
دوو دوو بە دیار ئەوینەوە دەیانکێشم؛
ئاهەکانم.
گیرفانی ئاو تژی دەکەم
لە خەونی نەبینراو
سەوڵی دەستە شکاوەکانم
دەنێمە نێو زەریای خەم و

دێم و دەڕۆم
تا نێوەندی تۆ و من و خۆم.
لە کێ دا نیشتەجێ ببم، ئەی بێکەسی؟
- لە تۆ یان زەمەن، یان لە تەم؟
- لە «با» یان هەور، یان لە چی؟
- لە شوێن یان مانا، یان سەبر؟
- دە پێم بڵێ؟
- لە هیچ کوێیەک.

سێبەرم وەکوو تارماییی کەوشەکانم لەگەڵم دێت
شەقامەکان هەر لەوێدا دەمێننەوە
وشەکانیش بەفرئاسا دەتوێنەوە و
سینگێک نییە سەری من بناسێتەوە.

لە باخچەی قاڵییەکانم
خونچەگوڵەکان پەژمووردەن
ئەدی بۆچی پەپوولەکان هەڵنافڕن،
لە سەر گومەزی پیتەکان؟
- تومەز لەوێ هێلانەیان چێ کردووە
بۆ نامە نەخوێندراوەکان
+ بۆ منیش ئەی وەهمی دنیا
ئەی کەسێک کە قەت ناتناسم.

دە کەواتە
با دەست پێ بکەین و بخۆینەوە.

٣
دڵی وشە دەدەنەوە
بە نووسینەوە
کاغەز ئاودەدەن
بە پیت
*پاڵ بە درەختی ساڵەوە دەنێن*
دەڵێم: *ماڵئاوا ئەی بێهوودەیی.*

٤

هەمووەمان بە دیار مارشەکانی ونبوونەوە
ڕاوەستابووین
گۆرانیمان بۆ ئاو دەگوت
لەوێ
لە ژوورە ساردەکەی بەفردا
هەوا فلووتی دەژەنی
پیاوێک پەڕەکانی باڵی کۆتری پاکنووس دەکرد
ئاگر بە تەنها دانیشتبوو
لە ژێر نێڵەی پشکۆدا
ئێمە لە بەفر ڕۆچووبووین
وەختێک وشەکان لاربوونەوە
لە ژێر هەتاوی نووسینەوەیاندا.

٥

خۆم بە سێبەری قەوزەکانی
گۆمی وەرز هەڵناواسم
بە گەسکی یادەوەریم
هەناسە لەترگرتووەکان کۆدەکەمەوە
لە هەر پەرتبوونێکدا
حوزن لە ڕەهێڵە دەئافرێنم
ئاهـ لە دوامەوە دێ؛ ئاهـ
نازانێ من لە نائومێدی تێپەڕیوم.

# پێڵاوی کات و گمە گمی تەنیایی

تارماییی سێبەری ئەم پیاوە لە بارێکدا بەجێماوە
لە تەنیشت بێتاقەتیی پێکێک هەوا و
جووتێک گۆرەویی فڕێدراو.
لەولاشەوە
کوردبوونی میللەتەکەی لە وەهمێکەوە درێژ
دەبێتەوە
درێژ، تا جاددە خۆڵگرتووەکانی ژیان.

هەوا هەناسە دەدا
وەختێک مرۆڤ دەبێتە ئاوێنەی پەیکەر
وەختێک کە هیچ نییە
بۆشایی نەبێ.

کات دەکرێم وەکوو پێڵاو
بۆ پێم بچووکە وەک بچووکیی بوون
بەرانبەر ژیان و
چەقۆ.

من بوومەتە نیگەرانیی
بوومەتە تۆزی نێو کتێبە نەکراوەکان
بوومەتە ڕەفەی هەڵمی نسکافە؛
قەفەزێک: هەڵواسراو بە ئاسمانەوە.

لە ژیاندا ژوورێک نییە بۆ کرێ
لەم ژوورەدا پیاوێک نییە
وشە نەبێ.

سەرم دەکێشم بە دیواری چۆڵەوانیی
کاغەز ئاو دەدەم بە وشە
پاڵم ناوە بە بۆشایی
لە سەر دۆشەکی ئاو ڕاکشاوم
قوڕ بۆن دەکەم و تەلیسمێک دەڵێت:
«قوڕ نەما بیکەی بە سەری نەهامەتیتدا؟:»
- وشە هەیە
هیچ هەیە.
بە شەو خوێنڕژانی ئەم وشەیە ڕادەگرم:
«ڕەهەند»
خۆم و عارەبانەکەم دەچین بۆ بازاڕ
ئەو دەستی ڕۆن دەگرێ

منیش: پێ.

هەر بە وشە دەنووسم: وشە.
تەعبیر لە وەڕسیی ژانی ئاهـ دەکەم
بە شادمانیی تۆ.

وشە دەئاژووم نەک پاسکیل
خۆم لێ دەخوڕم نەک ئۆتۆمبێل

بە ڕووتیی دەچم بۆ بازاڕ
ڕەسم لەگەڵ یادگار دەگرم
بە شمەکی تەنیایی.

تۆ ئافرەتێکی لە پەراسووی شوعلە
من پیاوێکم لە پەراوێزی عەشق

بۆ من بەسە نامەی ئاو بۆ باران بەرم
بە گازێک
بەفر بەرمەوە سەر تایەفەی تامی شەراب
لە ژێر خەونی ستیانتدا
مەمک ڕووتم بکاتەوە.
بۆ من بەسە
قاسیدی نێوان دووکەڵی عەشق و
تەمی پێکەنین بم.
تەم دەکێشم و
قابلەمەی گریانم پڕە لە دەنکە هەڵوژەی پلیشاو
ئاو بە شمەکی سەوزەوە
لە بەردەم لەرەی فێنکی گومانم هەڵدەوەرێت
هێشتا برینی ئازارێکم بۆ تیمار ناکرێ

ئاخر
من وابەستەم بە ئاژاوەی خاکیی
بە هەڵقوڵینی لە ناکاو.

عەشق هێندە بیمار نییە
هەنارەکان کاڵکاتەوە
عەشق هێندە بچووک نییە
لە سانایی هەڵمانکێشێت
عەشق ئیدی وشە نییە
لە چامەی مەغروران ڕاکشێت.

هێواش هێواش خۆمم لێ دەڕژێ
لە دەمی ئاوابووندا

دڵۆپ دڵۆپ پشکووتنت هەڵدەگرمەوە
قاپێک جاجیک لە بەردەم غوربەتیمدا
دادەنێم
لە کۆڵانی تەنیاییدا چاو لە قەرەباڵغیی دادەگرم
بە سەوزیی
لە نێو دەنکێک فستقدا
تامی ماچێک دەدۆزمەوە.

هیچم نییە
جبسێک و کۆڵێک شەکەتیی باخ نەبێ
سیگار و کوژانەوە و
ترپەیەکی ڕاگیراو نەبێ
ڕابردوو و داهاتوو و گومبوونێک نەبێ.

بتوانم
لە جەنگدا بە شمشێر ملی (ئاشتی) دەپەڕێنم
لە بەردەمی خوشکمدا ڕووت دەبمەوە.

ئەوەندە شپرزەم
دەڵێی خەونی کیسەڵم لە قۆزاخەی ماتیی هەڵدێم
خودایە وا بکە:
بە جامێک پەرجوو
بینی چڵێک شەراب تەڕکەم
بە فوویەک ستیانی با بلەرێنمەوە
پێکی تەلیسمی وشە هەڵدەم
ئاخر هێشتا لێوی پەنجەیەکم بۆ سوور ناکرێت
بە دەنکێک بارانی خەستی نیگەرانیی

هێشتا چارەنووسم بە قەدەری باخچەیەکەوەیە
چۆڵ
هێشتا سیگاری کوژانەوەم بە ئاگری ڕووناکیی بۆ
داناگیرسێت،
بە کوپێک تریفە مەست نابم.

دەنکێک ترێ دەکەمە بالیفی خاوکەر*
تەمی خورافات لە سەر شانی پەلکێک ڕێحان
دەتەکێنم
هێشتا پشتم لە دڵڕەنجانی جۆگە نەکردووەتەوە
هێشتا گومانی زەریا بیمارەکان بە تەوێڵمەوە ماون.

* خاوکەر: مەقامێکی ڕەسەنی کوردییە زۆرتر لە ناوچەی گەرمیان دەیچڕن.

ترپەکانی دڵم قل قل هەڵدەوەرن
بە دارەکانەوە
تۆش
ئەی تاقانەترین گوناهـ و
داڵغەیەک لە بەربەرییەت
بڕوانە چۆن بۆ بڵێسەکانم دەسووتێیت.

دووکەڵ لە ژێر سێبەری هەناسەم ڕادەکشێت
بە ستوونیی وێنەی پاسارییەک دەگرم
بە ئاسۆیی لە سەر سینگی هێرۆیەکی لاکێشەیی
دادەنیشم
کتوپڕ
لە یادەوەریی تۆزلێنیشتووی کۆتری خەیاڵ

نزیک دەبمەوە
ئیتر
لە هەناسەی تۆدا فێنکیی «با» هەڵدەکات
ئەفسانەیەک چاوەکانی دەترووکێنێ
لە ژێر تەرمی پڕ خەڵووزی ئەم بارانە...

دەمبینیت
بەو هەموو دوودڵییەوە
دڵێکم نییە بۆ تۆ
قەنارەیەکم نییە بۆ ڕێکلامی عاتیفەکانی منداڵی

دواجار
لە بۆنی پوونگدا هەناسەی ڕێحان هەڵدەکێشم

فێنکیی لە شووتی دەخوازم
ئێوارەیەک لەگەڵ ئاو
جامێک هەوا دەخۆینەوە
تۆش
سیگار لە دوای سیگار بە ئاگری دڵم دادەگیرسێنی
ناڵێیت: بە کەفی شەراب ڕوومەتی تاعوون بشۆ.

ئەمشەو لە ترپەکانی دڵی کچێکی عاشقدا
تەپەکانی لاقم دەشارمەوە
هیچم نییە
کوپێک شەرابی نیانی و
لەپێک عەشقی ئاوریشمی و
چنگێک نۆستالژیا نەبێت

ئەوەندە پەیوەستم بە گریانی باران
وەختە پەنجەکانی ڕووناکی بقرتێنم
وەختە گیرفانم پڕکەم لە تاریکی ڕۆشنایی.

نازانم
بۆ شیعر تەواو نابێت
خۆشەویستیی تەواو نابێت
ڕەنگە منیش تەواو نەبم؛
«عەشق تەواو»
جەستەم تەواو.

ئەمشەو ئێوارەیە ئەمشەو

بە حاڵ هەناسەم دێ
دەستم خستووەتە سەر سینگی تەنیایی و
بە خۆم دەڵێم: ژیان هیچ نییە هیچ
جگە لە خۆکوشتن و
وەستان لە بەرانبەر بێتاقەتیی چڵێک شەراب.

ژیان هیچ نییە هیچ
جگە لە خەیاڵ و
لە سەفەر و
لە شێتیی.

دەمێکە دوا قومی سیگاری ژیانم کێشاوە
کەچی باخ سڵاوم لێ دەکات

ئەستێرە دەڕژێتە گیرفانمەوە.

هێشتا
نە قومێک خەندەم خواردووەتەوە
نە مەست بووم بە وشە
بە وەهمەوە سەرقاڵم
وەهمم و
ئاگرێکم
وەڕسم لە نێڵە نیێڵی خۆشبەختی.
تەنها خەم شک دەبەم بۆ دڵدانەوە
تەنها خۆم و
تەنها جانتا و
تەنها هیچ.

دواهەمین هاورێی تەپوتۆزی سەر تەوێڵی کوفرم
سەرم سەرینی بێدەنگیی
زمانم چیمەنی پاییز

چەرخەکانم ڕۆییشتن
بوون بە جادە
جادەی خۆڵەمێشی هەوا
جادەی پەژمووردەی ڕیتمی هەڵقووڵانی ئاو.

ئەمشەو ئێوارەیە ئەمشەو
گیانم بە تەنافی نامۆییتدا هەڵواسیوە؛
بێتاقەتترم لە خەم

بێتاقەتترم لە دواهەمین ترپەی دڵی خۆم
بێتاقەتترم لە هەوا
هەوای هەڵهاتوو، لە جەنگەڵی ڕەشی ژیان.

هەنگاوم تەبایە بە بۆنی ئێوارە و
لەرینەوەی درەختی هەناسە لە بەردەم «با»دا
بای بەربەری
بای موسافیر.

ئەی عەدەم
چاوم بترووکێنە چوون دەنکێک توو
مەهێڵە ئەم چارەگەی عەرەقی فەلی سەما
هەڵدەم

من بە کەڵکی جەنگەکانی بەفر نایەم لەگەڵ هەتاو
من
تاوێک بەفرم
تاوێک هەتاو
تاوێک بۆشاییم
تاوێک هیچ.

بەردەوام ئینجانە دەگەڕێنمەوە بەردەم پەنجەرە
لە تەک خۆم و تەنیاییم دا دەوەستم
بە نیگایەک
ئاشت دەبمەوە لەگەڵ تۆران.

بە خۆم دەڵێم: ژیان هیچ نییە هیچ

جگە لە دواکەوتن لە مەرگ و
لە تەنیایی.

هەمیشە بە گوێی خۆمدا دەچرپێنم:
دەترسم بژیم
ژیان نەبێت
دەترسم بمرم
خودا هەبێت
دەترسم ترس نەبووبێ
من بۆ خۆم خولّقاندبێتم.
دەترسم قاچی گۆشەگیریم بەرمە نێو دەفری
بەرائەت
کانییەک تێیدا هەڵقوڵێ لە گوناهـ

لە نێوانیاندا ون ببم.

ڕەنگە
ژیان لە مردن
مردن لە ژیان
لە هەردووکیاندا من هەبم.
ژیان و مردن تەبلە و سیگارن
نە ئەم بە بێ ئەو
نە ئەو بە بێ ئەم
نە منیش بە بێ هەردووکیان
هەڵدەکەن و هەڵدەکەم.

من لەگەڵ خۆمدا دانیشتووم

لە تەنیشت سێبەری شکاومدا
لە تەنیشت بوونی کوژراومدا
لە تەنیشت دەنگی باڵکراومدا
لە تەنیشت هەناسەی هەڵنەکێشراومدا.

من پیاوێکم ون
لە نێوان خۆم و نەبوون و بووندا.

وەک ئەوەی دەست بە عەورەتی باخچەدا بێنم
لێو دەسووم لە کوڵمی ڕێحان
دڵی بێتاقەتیی دەدەمەوە
باڵ دەبەخشم بە شکست.

لە باتی چڵم
وشەم لە کەپووت دەرهێنا
کەچی، لۆرییە بارهەڵگرەکانی ئینتیما گەییشتن
من بۆ نەگەییشتم بە ئاو؟
بۆ عەدەم سەری هەڵنەبڕی
لە بەرانبەر لاربوونەوەم؟
لێوە سێگۆشەییەکانی دەمی سیاسەت کرانەوە و
دەمم ئاوی نەکرد بۆ ژیان، بۆ ئیقبال.

کە ئێواران
پەنجەرەیەک لە برینم دەکەمەوە و
لێو دەنێم بە فلووتی بێتاقەتیی کا
کەمانچەکەم پڕاوپڕ دەبێ لە ئەسر

ئەسری دڵۆپ دڵۆپی باران
ئەسری نەبڕاوەی چاوم نا
ئەسری وشە.

تەماشای داخرانی خونچە و
حونجەکردنی ئاو دەکەم
چمکی کراسی بێتاقەتیم دەگرم و
بە شەلە شەل
دەڕۆم دەرگەی کولانەوە
لە برینی ئەم ئازارە دەکەمەوە.

لە تەنیشتم
لە هەوادا

هەناسەیەک ڕادەکشێت
لە بەردەمی سێبەریشم
لە فەزادا
پیاڵەیەک دانیشتووە
لێوەکانی خۆی سوور کردوون بە شاتووی تەڕ.
لە دوامەوە غەریبییەک
گۆرانیی بۆ خەمی ئاو و
بڵتەی دڵۆپە شەراب و
ژوورێکی بە جێماو دەڵێت:
ئەم دەبەنگییە مەعروومە لە هەڵفڕین.

مەچکۆ دەبەم
بۆ قاوەخانەی ئافرەتان

دەبووایە ئەم ژوورە بچێتە سەفەر
بە خۆی و کورسیی پادشاکانی
بە خۆی و پیاوە وێرانەکانی.
چوو، قەت نەهاتەوە بە لای دەرکی ئەم ماڵەدا
چوو، قەت نامەیەکی نەنارد بۆ دەستە خوشکەکانی.
ژوورەکەم لە تانجە سەرخۆشە
بە بۆنی سەبیل و نەعناع
بە هەناسەی باخچە سەرمەستە.
ژوورەکەم دەستی پر بوو لە دڵۆپی هەوا
لە پێکی نەهاتنەوە.

لەوێ
لە هەر ئینجێکی پڕ ناڵەم

بێ خەبەرە
لەوێ
چیدی گوێ ناگرێت لە پرتە و بۆڵەی شادمانی
لە قرەقڕی مریشکەکانی باجی ئامینە.
کە ڕۆییشت
توێشووی قاپێک نسکافە بوو
بیری چوو ئەم هەموو فنجانانەی سڵاو بشکێنێت
بیری چوو پەنجەرەکانی بکاتەوە
بۆ کچە قەیرەکانی دادەخەجیج

ژوورەکەم
ئێستە هیچی بیر نەماوە
جگە لە قاپەکانی سەر مەغسەل و

تەنافە قەمبوورەکە
ئێستە هیچی بیر نەماوە
تەشتەی جلە نەشۆردراوەکانی خۆی نەبێت.

ژیان بە بێ ئەم ژوورە
بێ خانووە
گەڕەک بە بێ ئەم ژوورە
چۆڵ و هۆڵە.

ئیدی چاخانەی ئافرەتان کونجێکی نەماوە
بۆ هەی لۆ لۆ.
دەلاڵخانە بووەتە مەنجەڵی گەرمی شۆربا
مەچکۆ؛ کەوچکی دارینی دەستی خەجیج.

ئەم شەقامانەی دراوسێمان
مانیان گرتووە لە پێڵاو و
تایەوتێلی منداڵە هاروهاجەکانی مام سماییل
ئاخر
تازەکی لەقلەقەکان لە سەر منارەی کام هێلانەی
ژوور دەنیشنەوە؟
تازەکی سیمای شار کوا جوانیی تێدا دەمێنێت
بە بێ بۆنی یاپراغ؟
چۆن چۆنیی سێ بەردی تەمگرتوو نانرێتە دەستی
خانووەکانمانەوە؟
کێ بە منداڵە ورگنەکانمان دەڵێت: فەرموون
بۆ ژوورەوە.

ژیان بە بێ ژوورەکەم
هیچ نییە
جگە لە وەهمی ماڵداری.

گوندەکان لە ژێر پێوپلی ئەم شارەدا پلیشانەوە
جامە ماستەکان بوون بە تۆز و غوبار
بۆنی ژاژی بوو بە تاعوون
نان و چای بەیانییەکان ساربوونەوە و
پێ ڕانەگەییشم دەست بنێمە دەستی تارمایی
وێنەکانی.

ئیدی
ئەی پەناگەی شارستانیەت و واوەیلێی پەناهەندان:

بڵێی ڕۆژێک ئەم ژوورە قشتەم بگەڕێتەوە ماڵ؟
بڵێی ئەم بێکەسییە بە تەنیایی و
کەمانچەیەک و بسکوێتێک و لیَ لێیەک قایل بێت؟

نازانم!
ژوورەکەم خەڵکی کام گوندە؟
نەسەبی دەچێتەوە سەر توورەیی کام پیاوی نیشتمان؟
پشتی بە گۆرانییەکانی کام دڵتەنگیی قایمە
کە ئاواهیی لە جانتاکان و جەنگەڵەکانی تۆدا
دەسوورێتەوە
ئەی نامۆییی هەراسانی و قەفەزی دووکەڵی
شێدارم؟

من پێم گوتی
پێم گوتی ئەم نیگەرانییە خۆی بکوژێت
یاسا بەرپرسیارە
ئەم پەرداخە لاربێتەوە
هەموو مێزەکانی زیندەگیی دەشکێنم
ئەم سەفەرە موسافیر بێت
سمێڵی باوکم لە بنڕا دەتراشم.

من پێم گوتی
پێم گوتی ژیان بە بێ ئاو و هەوا دەسووڕێت
وەختێک هەست ناکەین مەعروومین
لە گمە گمی کۆترەکانی کاکەڕەشێ.
بەڵام تۆ پێت نەگوتم

پێت نەگوتم ئەم ژنەی تۆ
بۆ ئەوەندە خەریکی قوربانییە؟
تا کەنگێ سندانەکان ناباتەوە
بۆ کوورەی پوورە ئەسمەر؟
تا کەنگێ ئەم پرپۆڵانە وەها دەمێننەوە
بێ جووجەڵە؟

دەبووایە ئەم ژوورە بچێتە سەفەر
تا بیر لە کەس بکاتەوە و
بزانێت؛
ناکەس چ زۆرن.

ڕەنگەکان دامەگیرسێنە،
لە سووتان گەڕاومەتەوە

١
شەق لە تەنەکەی ساڵەکان دەدەم
بە درەوشانەوەی نائومێدیی سێبەری جێماوم
باڵ دەگرێت فڕین
بە تاریکاییی ئەم سەدە کرێتەی ژیان تێ دەپەڕم
شووشەی شکاوی گڵۆپەکانی ڕوانین کۆدەکەمەوە
ئاگری نێو سێبەرم دادەگیرسێنم
هەڵدەکشێم بەرەو درزەکانی تەنیایی
لە لێوارەکانی نیشتەجێ دەبم.
کرم لە پەنجەکانمدا ڕیز دەبەستن
لە زوبانیشمەوە پەیڤی بریندار.

٢
کەس شک نابەم
تا پێی بڵێم:
گوێ لەم گۆرانییە ڕادێرە
لە بری من؛
یانی نووسین!

٣

نووسین نیگەرانیم نانووسێتەوە
لە بارەیەوە دەپەیڤێت
بە بێ وشە!

وشەکان دەمەیێن
تەنیاییم دەڕشێتەوە
منیش خۆم لێ دەخورِم
یانی بێهوودەیی.

شەو باڵەکانی دەکاتەوە
من دەفرِم
بەرەو چەقی تاریکایی

یانی خۆم!

دیواری ژوورەکەم لە شوێنی خۆی لادەچێت
کەسێکیش کە نایناسم
لە دەروونمدا هەڵپەیەتی
لە سکی ژنێکیش
منداڵ!

٤

نیگەرانی هێندە قورس نییە:
تەناف هەڵدەواسم بە ملی شکاومەوە.
بە دوای سێبەری خۆمەوەم
تارماییەک کە نایناسم
باوەش بە سینگمدا دەکات:
دەڵێی سنگە لە ناوکمدا چەقێنراوە:
بێهوودەیی کەس!

گژوگیا لە کەلێنی پەیڤەکانتەوە دەڕوێن
وەک چنینی من
لە قاڵبیەکی نەچنراودا!

٥

زانیت لە کن پرسیارێکەوە دانیشتووم
وەڵامێکی وەهات هێنا:
درەختێکیان لە پەنجەکەم قرتاندووە!

٦

*لە پەنای بەردێکدا*
*کلووی بەفر بەجێماوە*
*وەک ماچێکی تۆ*
*بە لێومەوە!*

٧

لە باخەکەدا
تەنها من چۆڵم
- لە کوێی؟
کەنگێ پڕم دەکەیتەوە
بە هەردووکمان؟

٨

ئینجانەکە شکا

قەدی من و

دڵی تۆش

هەروەها!

١٠
ژیانیش وەکوو هەر ئەزموونێک
تەنها جارێکە:
من سێ جار ژیام؛
لەگەڵ خۆم
لەگەڵ تۆ
لەگەڵ مرۆ...
ئێستەش دەبینی خەریکم
ڕەنگە ببێت بە چوار...
نازانم
ڕەنگە نەژیابم!
... ... ...
گومان پارە پارەی کردم!

١١

*«منم سەرکردەتان بۆ لەشکری غەم»* نالی
*«کەسمان غەمی یەکتر هەڵناگرین»*،
*ـ کەسێک لە ناخی هەمووماندا ـ*
بە تەنیشت یەکترییەوە ڕادەبووریـن و
پارچە شکاوەکان هەڵناگرینەوە!
مینەکان هەڵمەگرنەوە؛
ئێمە پەرت پەرتین!

١٢

ئێمەی نووسەر کە دەمرین
خەیاڵمان دەمێنێتەوە
خەیاڵیش زمانی ڕەوتارە؛
بە شێوەیەکی تر!

١٣

من و وشە وەکوو یەکین
کەنگێ وشە نرایە نێو زیندانێک و
مەعرووەمیان کرد لە چەشەی (تا)
بزانە ئەمن کوژراوم.

١٥

تا لەرینەوەی درەختی ژێر دیواری ماڵی ئێوە
ڕووناکی بە دوامەوەیە؛
دواتر
واوەتر لە من!
عەشق واتا ڕۆشنایی دوو چاوی کوێر
یانی بارینی بۆنی خۆڵ
بە سەر قامکی قاڵییەکی قاوەیی درزبردوو
یانی شوێنکەوتنی جێگە پێی مامزەکان.

ئیدی بۆ دابەزین بەرەو یەکتر دێین
تا قێز لە سێبەری کەڵەکەکراوی
بتەکانی سینگمان دەکەینەوە.

وەختێک پانتۆڵ لێ دەخورپم
گۆرەوییەکەم دەکەوێتە کەڵکەڵەی خۆکوشتنەوە
پینەدۆزێک کەوشەکانی سەفەر دەڕوشێنێت؛
تاقەتی من کرانەوەی دەرگەی هەوایە
بە ڕووی تەمدا
چوونە تۆوە
یانی دانیشتن لە سەر کورسیی سێگۆشەیی
بۆیە دەڵێم: «ڕەهەند» لە مندا قولاپ لە وانیدی گیر دەکات؛
ئەزموونێک دەفراژێت!
ئیدی بۆ چا بە سەر پێوپلی گۆرانیدا نەڕژێت
ئەم ئاوە لە تینوواندا نەسووتێت؟

ئا... تۆ
مۆبایلەکەت ناوە بە لاقتەوە
ڕیتمێکی خامۆشە
زەنگی بەربانگی مێژوو.

چڵێک ڕێحان لە پەردەی تەونەکەدا کەسک بوو
ماتۆڕێکیش لای کردەوە
لە قرەقرِی بۆقەکانی زەلکاوی ڕابردووی
مانگاکانمان
نەجیبە گوتی: لەوێیە
لە تەویلەکە؛
ئێمەی هەموودەم!

١٦

پیاوێک

*لە پەنا ڕستەیەکی نەنووسراودا*

پاڵی بە عامودی شکستەوە نابوو

*دووکەڵی سیگاری دەکێشا*

ئەوە من بووم

*لە داخی هەردووکمان.*

١٧
چونکە ئافرەتێکم دەست نەکەوت
تا لەگەڵیدا بخەوم
ناچار
چەند ڕۆمانێکم کڕی
لە نێویاندا چەند پاڵەوانێکی ئافرەتم دۆزییەوە
هەموویانم هێنایە ژوورەکەم
بەیانییەک چووم بۆ بازاڕ
کە هاتمەوە
دایکم هەموویانی خستبووەوە شوێنی خۆیان.

١٨

ئەم پیاوە لە پشتی زەمەنەوە هاتووەتە دنیا
باڵەکانی لە نژادی هەوان
لە عاجزیدا هەڵمی لێ هەڵدەستێت
بە وشە سووکناییی دێ
نەک بە ژیان.

بالّەکانی گوتن

١

*ڕۆژێک دادێ:*

ئەم وشەیە برینم ختووکە *دەدا*

*لە ژێر سێبەری دالْغەی خۆی دادەنیشێت*

پیتەکانی دەبن بە تەم

پشتیان دەنێن بەم *عاموودەی نیگەرانییەوە؛*

***ڕابەر.***

٢
بە کەشتیی کات و
شەمەندەفەری هەوا و
گالیسکەی وشەوە دێم بۆ ژیان
بە بەلەمی کاغەزی و
ئۆتۆمبێلی وێنەیی و
پاسکیلی خەیاڵیی دەڕۆم بۆ مردن:
- منیش دەڕۆم
بەرەو میانی هەردووکیان.

٣

لە زەویدا کوانێ مرۆڤ؟
ئەمانە ئەو سێ وشانە بوون
لە دەفتەرێ خۆکوژێکدا دۆزیمنەوە؛
بە سڕدراوی.

٤

لەگەڵ هەموو نەیارانم
بە وشە ئاشت بوومەتەوە
نەک بە دەست گوشین و بە ماچ.

٥

«دڵی خۆم دەدەمەوە:»

بە «قسەی خۆش»

بە «یار»

بە «خۆم»

- ئاهـ، ئەم **دڵە** بوو بە چی؟

٦

تەنک بوومەتەوە تەنک
چوون کاغەزی بەر لێزمەی وشە
تاریک دادێم تاریک
چوون ژووری بێ کتێب
دەچمەوە سەر نەسەبی خۆڵ
نەک ئینسان
لە وشەدا ئاسن دەحەسێتەوە
نەک بێزاریم
تێکدەشکێم چوون شکست
هێندە نیگەرانم
چ ئازارێک نامگرێتە خۆی.
ئێوارەیەک دەگەڕێمەوە نێو لیسەکەم

وشەیەک دەگمێنێ: خۆکوشتن
دێمە بەردەم وژەی بە خورٍی هەوا
شەقامێک دەنووشتێنمەوە
دەچمە کۆڵانی سێبەر
ئارامیی جۆگە لە بەردەم زمانمدا لەنگەر دەگرێت.
چ سیگارێکم لە کن نەماوە
بە تلیاکی وشە خۆم لەبیر (بوون) دەبەمەوە.
بیردەکەمەوە:
ئەم بانیژانە تا کەنگێ نایەنە خوارەوە؟
پیاوێک دەڵێت: لە تەنیاییش تەنها نابم.

٧

ئەگەر بە سوێدیش بنووسم
کەسێک شک دەبەم لە لای ڕاست
بە لای چەپیش
بە کامی خۆی لێم تێ بگات.

دەستم پێیە!

پیتەکانی ناوم
تێکەڵی پیتەکانی ناوت دەبن
لەم ڕستەیەدا
کە ناتوانم بینووسم.

پیتاندنیش جەستەمان ناپیتێنێ.

نانووسم و
نووسین پیتەکان گەمارۆ دەدا
منیش تۆ!

نووسین و نائومێدی لە شوێنێکدا بە یەک دەگەن
کە (منـ)م

*هەرسێکیشمان لە تەمدا!*

*جگە لە لولدان*
*کێ دەزانێت ئەو مانە نەمانە و*
**چووزانمـ***یشم هەموو شت؟!*

*پێڵاو لە دەستم دەکەم و پێم نا!*
*سڵاو لە تۆ دەکەم و بە دەستم نا!*
*دەستێکی نەناسراویش*
*دەستی بۆ پێی دەستم دێنێت*
*هەناسەش با!*

*لەم دێرەدا*

کە ناتوانم دەستی لێ دەم
دەست لە خۆم بەردەدەم و
دەستم بەر دەستەکانی تۆ دەکەوێت
لەوانەیە: کە لێرە نیت.

لێرە نابیت
کە وێنەکان دەستم دەگرن
دەمبەیت، بۆ ژێر پردەکانی بێتاقەت
لە پەیڤی دەمامکدراو!

کات ماندووە بە دیار ئێمەوە
ئێمەش بە دیار یەکتر و
یەکتریشمان بە دیار هەڵوەرینەوە!

دەستم لێ مەدە
پێم لەسەر زەوییە!
چاوەکانم لەسەر تۆ
کەفی بێهۆشی لە دەممدا،
ئاسمانیش لە ژێر دەستمەوە ڕەت دەبێت!

دەستم لە دەستی خۆم نییە و
باڵەکانیشم لە فڕین
هەردووکیشمان لە یەکتر!

با لە یەکتری تێپەڕین
کە تێپەڕین دادمان نادا!

ماسکەکانی بێهوودەیی ٤
تێپەڕین لە نائومێدی ١٩
لەرینەوەی وشەکان، لاربوونەوە بە دەم ڕێوە ٢٩
وەک لێبوونەوە لە ژیان، ئاسوودە ٤٩
واوەتر لە بێهوودەیی بەرەو کوێ بچم تۆ نەبێ؟ ٧٩
ڕەشنووسی کتێبی منداڵیم ٨٧
پێڵاوی کات و گمە گمی تەنیایی ٩٧
تۆ ئافرەتێکی لە پەراسووی شوعلە... ١٠٣
ئەمشەو ئێوارەیە ئەمشەو ١١٥
مەچکۆ دەبەم بۆ قاوەخانەی ئافرەتان ١٢٩
ڕەنگەکان دامەگیرسێنە، لە سووتان گەڕاومەتەوە ١٣٩
باڵەکانی گوتن ١٦١
دەستم پێیە! ١٧١